# «کوشتن تەنها چارەسەر بووا!»

(ڕۆژنامەی داگبلادە، ل. 6 ، 2011/10/26 )

ئەمە گوتەی، مایلێنە کرستیاسن (21 ساڵان) بوو. ئەو کچەی، کە بە تۆمەتی کوشتنی دڵدارەکەی-دەستگیرانەکەی، لەلایەن پۆلیسی نەرویجەوە دەستگیرکراوە.



دۆستۆیڤسکی (1821 – 1881)

بەپێی هەواڵی هەمان ڕۆژنامە، لە 2011/6/10 دا، هانس ڕیکارد (23 ساڵان) دیارنەماوە. دوای لێکۆڵینەوەی پۆلیس و دۆزینەوەی تەرمی هانس ڕیکارد، مایلێنە کریستیانسن (دڵداری ڕیکارد) بەتۆمەتی کوشتنی هانس ڕیکارد، دەستگیر کرا. گومانیش ئەوەبوو، کە دواهەمین جار، هانس ڕیکارد، لەگەڵ مایلێنەدا بینراوە.

مایلێنە، ددانی بەتاوانەکەیدا نا و بە پۆلیسی گوت، کە هۆی کوشتنی دڵدارەکەی ئەوە بووە، تا لەو ئازاری جەستەیی و دەروونیە ڕزگاری بێت، کە لەدەستی هانسی دەچەشت.

بەنەدیکت، ئەو کچەی،کە بە تۆمەتی هاوکاری لە تاوانەکەی مایلێنەدا دەستگیرکراوە، گوتەکانی هاوڕێکەی سەلماند و گووتی «مایلێنە ئازاری زۆری لەدەستی هانس دەچەشت، زۆری هەوڵدا کۆتایی بە پەیوەندی نێوانیان بهێنێت، بەڵام، هانس هەر لە کۆڵی نەدەبووەوە و زۆرتری ئازار دەدا.»

مایلێنە، ڕۆژی 2011/6/10 هانس بانگهێشتی کوخە هاوینەهەوارەکەی خۆی، کە لە کێوەکانی نزیک ئۆسلۆیە دەکات. هاوکات مەدلێنەش بانگهێشت دەکات. ئیدی لە بەرەبەیاندا مایلێنە بە تەور هانس دەکوژێت.

ڕۆمانی «تاوان و سزا» فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی لە ساڵی 1866 نووسیویە. ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە باس لە «ڕاسکۆلینۆکۆڤ» خوێندکارێکی یاسا دەکات، کە «ئەلیۆنە ئیڤانۆڤیچ» پیرەژنێکی سوخۆر (*جەوسێنەر*) دەکوژێت.
بە بڕوای ڕاسکۆلینۆکۆڤ، بەکوشتنی ئەلیۆنە ئیڤانۆڤیچ و بردنی ئەو سامانەی، کە بە سوخۆری پێکەوەی ناوە، زۆر کەس لە هەژاری و تەنگانە ڕزگاردەبن و زوڵم و چەوسانەوەش کەمتر دەبن. کەواتە تەنها هەر کوشتن چارەسەرە! ئیدی ڕاسکۆلینۆکۆڤ، بە تەورێک ئەلیۆنە ئیڤانۆڤیچ دەکوژێت.

(سەرچاوەی ڕۆمانەکە)

Forbrytelse & Straff
Fjodor M. Dostojevskij
Gyldendal Norsk Forlag,
Oslo, 1982

هەندێک خاڵی هاوبەشی ئەو ڕووداوەی ئۆسلۆ و ڕۆمانەکەی دیستۆڤێسکی

- لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کارەکتێرەکان گەنجن.
- لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کوشتن، تاکە ڕێگە و تەنها چارەسەرە!
- هەردوو تاوانەکە بە مەبەستی کۆتایی هێنانی ئازار و هەراسان کردن و چەوساندنەوە، ئەنجام دەدرێت.
- چەکی هەردوو تاوانەکە تەورە!

## هەندێک پرسیار سەبارەت بە هەردوو ڕووداوەکە

- ئایا کوشتن تەنها ڕێگەیە بۆ چارەسەرە و یەکلاکردنەوەی کێشەکان؟

- ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە مرۆڤێکی دیکە بکوژێت؟

- تۆ بڵێیت شتێک، یان هۆیەک هەبێت، لە جیهاندا ئەوە بهێنێت مرۆڤێکی لەپێناودا بکوژیت؟

- هەندێک مرۆڤی تاوانکار خوێنڕێژ هەن، (وەک دیکتاتۆرە بەناوبانگەکان) بوونەتە (*دەبنە*) هۆی کوشتنی هەزاران کەس، ئایا ئەوانەش شیاوی کوشتنن، یان هیچ کەسێک مافی نییە ئەوانیش بکوژێت؟

- ئایا بە کوشتنی کەسێکی ئازاردەر، یان چەوسێنەر، ئیدی ئازار و چەوسانەوە کۆتایی دێت؟

- تەور ئامێرێکە بۆ داربڕین- دارشکاندن، بەڵام کاتێک وەک چەک بۆ کوشتنی مرۆڤ بەکاردێت، ئایا مانای ئەوەیە، کە مرۆڤە کوژراوەکە، لە هەموو ڕەهەندێکی مرۆڤی خۆی داماڵدراوە و وەک دارو تەختە هەڵسوکەوتی لەتەکدا کراوە؟

- ئەی ئەگەر مرۆڤێک بە چەکێکی مۆدێرن و گرانبەها بکوژرێت، ئیدی مانای ئەوەیە، کە بەهای ئەو مرۆڤە بەرزە، یان بەرز بووە؟

- بڕوا دەکەیت، کەسێک هەبێت مرۆڤێکی کوشتبێت و لە ئازاری (ویژدان) دەروونی خۆی ڕزگاری ببێت؟

- لە گشت دینەکان و لە گشت یاساکاندا، کوشتنی مرۆڤ (حەرام) قەدەغەکراوە، کەچی مرۆڤکوشتن هەر بەردەوامە، ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئێمەی مرۆڤ حەزمان لە کوشتنی یەکدییە، یان بیرۆکەی کوشتن لە «دەروون» مێشکی گشت مرۆڤێکدا هەیە؟